
# چاوەش.....

عوسمان ڕانیەیی




هەبوونی کتێبخانەی ماڵ، وەک ئەوەیە باخێکی پڕ میوەجاتت لەبەردەستدا بێ و هەرکات ئارەزووت کرد بەکامی دڵ بچییە ناو باخ و دەست بەری، بۆ هەر چڵێکی و دەنکێک لە میوەکانی تام بکەی، یان وەک ئەوەیە لە کەنار دەریایەکی مەنگی بێسنوور دابنیشی و بە شنەبایەکی فێنک ماندوبوونی جەستەت وەحەسێت، خۆشبەحاڵی ئەوانەی خاوەنی ئەو بەهرەیەن.

لەبیرمە هێشتا تاڵە موویەک بەڕوخسارمەوە نەبوو، بەڵام کەم و زۆر کتێبم هەبوون، لەگەڵ خۆمدا هێناومن و بردوومن، پێکەوە تاڵی و سوێری و ساردی و گەرمی ڕۆژگارمان چێشتووە، لەگەڵ یەکدا گەورەبووین و ڕۆژگارمان تێپەڕاندووە، دیوانی تاریک و ڕوون و هەژار بۆ کوردستان، چاپەکانی یەکەمیان شاهێدی ئەم قسانەی منن.

خستنەڕووی ئەم باسەم بۆ چوونە ناو بابەتێکی فراوانترە ئەویش هەر پێوەندیدارە بە جیهانی شیرینی کتێبەوە. ماوەیەکی زۆرە دەمزانی گەوهەرە کتێبێک لەنێو کتێبخانەکەمدا هەیە، جاربەجار خەیاڵم بۆی دەچوو، چەند ساتێک هاوڕێیەتی لەتەکدا بکەم، بەڵام لە پڕ شتێک دەهاتە پێش و ئەم حەزەمی وەدوا دەخست، تا ماوەیەک بەر لە ئێستا دووبارە کەوتمەوە سەر هەمان خەیاڵ، ئەوجارەیان یەکڕاست چووم و بەچاوخشاندنێکی خێرا سەرنجم کەوتە سەر جێی مەبەست، کتێبی گورینم هێنا و هەرئەوکات دەستم کرد بەخوێندنەوەی، لەماوەی دوو ڕۆژ خوێندنەوەیدا منی بردە نێو هەستێکی قووڵ و خۆش لە بیرەوەریی ڕۆژانی ڕابوردوو، لێرەوە بەرەو دنیای جوانی تەریقەت و تەسەوف هەڵکشام، پەند و ئامۆژگاری و ئەزموونی ژیانی پیاوچاکان و زۆر لایەنی دیکەی مێژوویی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی

ناوچەکانی کوردەواری بەتایبەتی مەڵبەندی لە دڵا شیرینی موکریان.

تا دەهات کەشی خوێندنەوەم لەگەڵ ئەم کتێبەدا خۆشتر و بەجۆشتر دەبوو، کاتێک گەیشتمە خاڵی کۆتایی هەستم کرد هێشتا زۆری ماوە تینوێتیم بشکێ، هێشتا گڕی دەروونی هەڵچووم مابووی بەشنەی شەماڵی ئەوین و گوڵاوپژێنی وشەکانی ناو کتێبی (چاوەش) فێنک بێتەوە کە کۆکراوەی بەرهەمە بەنرخەکانی خوالێخۆشبوو (سەید ڕەشیدی سەید حەسەنی سەید عەلی ناسراو بە (چاوەش) سەردەستەی موریدانی بەناوبانگی (خانەقای بورهان).

ئەم کتێبە بەنرخە لە نووسین و لێکۆڵینەوەی خوالێخۆشبوو (سەید نەجمەدین ئەنیسی مەهابادی) ناسراو بە (بەهار) کە ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر چاپ و بڵاوبووەتەوە، کتێبێکی قەبارە مامناوەندی ١٦٨ لاپەڕەی ناوەڕۆک دەوڵەمەندە و باس لەچەندان بابەتی گرنگ و چەند کەسایەتییەکی ناوداری کوردستان دەکات و بە دوو زمانی کوردی و فارسی نووسراوە.

دوای خوێندنەوە و چێژوەرگرتنم لەو کتێبە، بەباشم زانی پوختەیەک لە ناوەڕۆکەکەی بۆ خوێنەران بگوازمەوە، بەهیوای یادکردنەوەیەکی شیاو بۆ ئەو زاتە بەڕێزانەی گەلەکەمان کە هەریەک لەوان لەسەردەمانی خۆیاندا خزمەتێکی گشتی بێشوماریان پێشکەشی کوردەواری کردووە.

## چاوەش کێیە؟

لەوانەیە بەلای زۆرینەی نەوەی ئەمڕۆ و کەمێک دوورتریش ناوی (چاوەش) نەناسراوبێ، منیش نەمدەناسی تاکوو لەڕێی ئەم کتێبەی (سەید نەجمەدین ئەنیسی مەهابادی)یەوە ئاشنای بووم، چونکە ئەم زاتەمان (چاوەش) نزیک بە سەدەیەک دەبێت ٨٨ ساڵە کۆچی دوایی کردووە و جێی هێشتووین، بەڵام شوێنەوار و بیرەوەری و نووسراوەکانی لەنێو لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبیاتی گەلەکەماندا وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لەئاسمانی نەمریدا دەبینرێ و لەلای ئەهلی زانست و ئەدەب بەڕێزەوە یادی ئەم کەسایەتییە ناوازەیەی کورد دەکرێتەوە، تەنانەت لە دێڕەکانی شیعری شاعیرانی کوردستاندا ناوی (چاوەش) دێتە گۆڕێ و باسی پێگە و خەسڵەتەکانی دەکەن، (هەژار)ی شاعیر لەو بارەیەوە دەڵێت؛

**وەرە سەر گۆڕی (شەهید)ی دڵتەڕ**
**هەموو دنیا لەبەرێ، ئەو لەوبەر**
**(چاوەش)ی پیر بەهەوای زانستی**
**لەملی شێری دەخستن ڕستی.**

## کاروانی ژیانی (چاوەش)

سەید ڕەشید کوڕی سەید حەسەن کوڕی سەید عەلی ناسراو بە (چاوەش)، لە بنەماڵەی سەیدەکانی (زینوێی شێخی) یە، ساڵی (١٢٤٠ - ١٣١٥)ی هەتاوی بەرامبەر بە (١٨٦١ - ١٩٣٦) زاینی، لە ئاوایی (دووئاوان)ی ناوچەی شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، هەر لەسەرەتای منداڵییەوە سەید ڕەشید (چاوەش) بەهۆی زیرەکی و لێهاتوویی سەرنجی باوکی ڕاکێشاوە بۆ ئەوەی گرنگی پێ بدات و بینێرێتە بەرخوێندن، باوکی ئەم کارەی کردووە و لەلای مەلایانی ئایینی و حوجرەی فەقێیان ناویەتە بەر خوێندن، لە سەرەتادا وانەی قورئانی پیرۆز و سەرف و نەحوی عەرەبی و گوڵستان و بوستان و ئەدەبیاتی فارسی خوێندووە.

بۆ درێژەدان بەخوێندن و وەرگرتنی زانست، زۆربەی ناوچە و شوێنەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی

کوردستان گەڕاوە، ماوەیەک لە گوندی (ساحێب)ی سەر بەشاری سەقز لەلای شاعیری ناودار و ناسک خەیاڵی کورد (حەریق) درێژە بەخوێندن دەدات، دواتر هاتووەتە شاری مەهاباد و لە مزگەوتی (ڕۆستەم بەگ) لەخزمەت مامۆستا (مەلا حوسێنی سەقزی) خوێندوویەتی، لەو کاتانەشدا لەگەڵ زانایان و گەورە پیاوانی سابڵاغ ئاشنابووە، هاوکات لەگەڵ موریدان و مەنسووبانی شێخی بورهان دۆستایەتی پەیداکردووە، لە ئەنجامی هاونشینی لەگەڵ ئەم پیاوە گەورە و زانا و دڵپاکانە بووە بەهۆکاری ئەوەی ڕووبکاتە گوندی (شەرەفکەند) و زیارەتی خانەقا بکات، لە کۆتاییشدا بە دیداری حەزرەتی (شێخ یووسف شەمسی بورهان) شادبووە دوای شەونخوونی و هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر لەخوێندن و خۆپێگەیاندن، سەرەنجام لەلایەن حەزرەتی شێخی بورهان خەڵاتی تەریقەتی پێ بەخشراوە، بەم شێوەیە سەید ڕەشید هاتووەتە ڕیزی موریدان و مەنسووبان و لەخزمەتی خانەقا و شێخی نەمر بووە تا کۆتایی ژیانیان.

بەهۆی بلیمەتی و زمانپاراوی و ڕەوانبێژی و خووڕەوشتی بەرز و جوانییەوە سەید ڕەشید، سەرنجی هەموانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و ناوبانگی بە زۆربەی ناوچەکانی کوردەواریدا بڵاوبووەتەوە، لەلایەکی تر بەهۆی هۆشیاری لە ڕادەبەدەر و زانست و قسەی نەستەق و خۆش و جەفەنگی موئەدەب و ژیرانە و حازرجوابی لە گفتوگۆ و وتووێژەکاندا، پتر کەتووەتە بەردڵی حەزرەتی شێخ و هەر ئەویش نازناوی (چاوەش) ی پێ بەخشیوە، بەو نازناوەشەوە ناوبانگی بڵاوبووەتەوە و ناسراوە، لەکاتێکدا پێشتر بۆخۆی نازناوی (شەهید)ی بۆ شیعرەکانی هەڵبژاردبوو، بەڵام لەبەر خۆشەویستی شێخ، گۆڕی بۆ (چاوەش).

## خەسڵەت و کەسایەتی (چاوەش)

بەهۆی شارەزایی و پلەوپایەی بەرزی لە زانستەکانی ئایینی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا، توانی دۆستایەتییەکی باش لەگەڵ زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دروست بکات، نەخاسمە سەرۆک هۆز و بنەماڵە و زانایان و کەسایەتیی ناوداری ناوچەکانی کوردستان کە جۆرێک نامە و نامەگۆڕینەوە و هاموشۆ و سەردان لە نێوانیاندا دروست بووە، لەو نامە گۆڕینەوانەدا تەنز و گاڵتەوگەپ و بەزمی خۆشی هێناوەتە گۆڕێ بەبێ ئەوەی هیچ کام لەو کەسایەتییانە قسەی ئەویان لەدڵ گرتبێ، یان پێیان ناخۆش بووبێت، بەپێچەوانەوە شانازییان بە قسەخۆشەکانی و گاڵتە و گەپەکانییەوە کردووە.

سەید ئارەزووی زۆری لە خواردنەوەی چای و جگەرەکێشان بووە، ئەگەرچی لەوبارەیەوە تێبینی (شێخ)ی بورهانی لەسەربووە، بەڵام بە ڕێزگرتنێکی زۆرەوە بۆ جەنابی شێخ، سەید درێژەی بەو خولیا و ئارەزووەی داوە، بەدەستی خۆی چای سازکردووە و تووتن و جگەرەی پێچاوەتەوە، ئەم سادەییەشی بووەتە جێی سەرنجی کەسانی ئاشنا و دەوروبەری، مامۆستا (هەژار)ی نەمر لە هۆنراوە بەرزەکەی (بەرەو موکریان)دا سەبارەت بەو خەسڵەتەی سەید دەڵێت؛

**(کێ وەکوو (سەید)ی دەس و دڵبازە؟**
**تووتنی کۆنی هەبێ و چای تازە؟)**

## (چاوەش) و شیعر و غەزەل

سەید (چاوەش) لەچوارچێوەی حوجرە و قوتابخانە ئایینییەکانی سابڵاغ و موکریان و

کوردستاندا پێگەیشت، لەوەشدا کەوتە ژێر کاریگەری ڕێبازە ئەدەبییەکانی شاعیرانی گەورەی کورد وەک (نالی و سالم و کوردی و حەمدی و وەفایی و حەریق) و ئەوانی تر کە سەرکەوتووانە لە دەواری ئەو بلیمەتانە و لە هەواری قوتابخانەی شیعری کلاسیک و عەرووزیدا نەشونمای ئەدەبی کرد، بەڵام بە ناوەڕۆکێکی نوێی شیعر و غەزەل و ئەدەبی داهێنەرانەوە هاتە مەیدان، بەم جۆرە گوڵی بەهرەی هونەری ئەو چرۆی کرد و پژا، لێرەوە دەبینین ناواخن و زمان و فەرهەنگ و تێگەیشتنی جیاواز تانوپۆی هەموو بەرهەمە شیعرییەکانی سەیدی تەنیوە، کە بەڕوخسار و بەرگێکی کۆن، بەڵام ناوەڕۆک و مەبەستی نوێگەرایی و داهێنانەوە و خۆی نیشان دەدات، بۆ نموونە؛

**(تەشەککور واجبە بۆ من کە ئەمڕۆ مەزهەری یارم**
**بەبێ مەی مەست و مەسرورم بە خۆشی ڕەشکی ئەغیارم**
**ئەگەر حوبب و عەداوەت بوو، ئەگەر گریان و داوەت بوو**
**ئەگەر تاڵی و حەلاوەت بوو، بە شۆخی هاتە سەرزارم).**

لە غەزەلێکی دیکەی پڕ لە ناسک خەیاڵی و بەزمانێکی تژی لە سادەیی و ڕەوانبێژی و هەست و سۆزێکی ئەویندارانە و دڵنشین (چاوەش) دەڵێت؛

**(چ خۆشە من کە غەمبارم ئەتۆش مەشغووڵی بارم بی**
**بە هەر کارێ کە تێکەوتم بە دڵ سەروەقتی کارم بی**
**بڵا من خەستە و زار و مەلوول و بێ قەراریش بم**
**سەلیم و ساغ و سەرخۆشم کە تۆ سەردار و یارم بی)**

هەروەها دەڵێت؛

**(دەمێکە من بە تۆ مەسروور و پشت ئەستوور و ڕووسوورم**
**دەبێ لێرە و دوواش وەک پار و پێرار غەمگوسارم بی**
**دەزانی من بەچی مردووم تکام بگرە بڵا نەمرم**
**بڵێ (چاوەش) بە تۆم بەخشی بە شەرتێ جان نسارم بی).**

## نامە و پەخشانەکانی (چاوەش)

مامۆستا (هێمن) شاعیری نەمر و ناوداری کورد، لە تەمەنی تازەلاوی خۆیدا سەید ڕەشید (چاوەش)ی بینیوە، لەو بارەیەوە فەرموویەتی (قسەی خۆش و گاڵتەوگەپەکانی سەید بێجگە لەوەی لە قسەی خۆش و شۆخییەکانی (برناردشۆ) شاعیری بەناوبانگی ئینگلیزی کەمتر نەبوون، بەڵکوو لەزۆر شوێندا قسەخۆشەکانی (چاوەش) گەلێ خۆشتر و شیرینتر و جوانتربوون، بەڵام ئەو بلبلە خۆش ئاواز و دەنگ زوڵاڵە دیارە کە چارەنووس ڕێگەیەکی تری پێدا و دەفتەری شیعر و پەخشان و هەڵبەستی وەلانا و بەشوێن ڕێچکەیەکی تردا چوو کە ئەویش ڕێبازی ئایینی و تەریقەت و تەسەوف بوو.

ئەگەر بە وردی و جوانییەوە نامەکانی (سەید – چاوەش) لەبەرچاو بگرین و سەرنجیان بدرێتێ، دەبینین لەم مەیدانەشدا پێشەنگ و پێشڕەو بووە و لە نووسەرانێکی بەناوبانگی فارسی نووس وەک (قائیم مەقامی فەراهانی) و (ئەمیر نیزامی گەڕووسی) و شاعیران و نووسەران و ئەدیبانی دیکەی پەخشاننووس و تەنزنووس کەمترنەبووە، بەجۆرێک وەک باس دەکرێت بەر لە سەید، لە شاعیران و نووسەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هیچ کەس پەخشانی نەنووسیوە و (سەید) وەک شاعیرێکی ناسک خەیاڵ و بیر و ئەندێشە تازە و داهێنەرانە و ڕچەشکێن، بۆ یەکەم جار بە زمانی کوردی نامە و پەخشانی کێش و سەرواداری نووسیوە و ئەم بەشە زۆر گرینگەی هونەری هێناوەتە نێو وێژە و ئەدەبیاتی کوردییەوە.

(چاوەش) سەید، لەکات و سەردەمێکدا پەخشان و نامەنووسیی بە زمانی کوردی دەست پێ کردووە کە زۆربەی شاعیران و نووسەرانی کورد، تەنانەت لە باشووری کوردستان پەخشان و نامەیان بە زمانی فارسی و عەرەبی و زمانەکانی تر نووسیوە و بۆ مەبەستەکانی زانستی و ئایینی و سوودیان لە زمانەکانی غەیری کوردی وەرگرتووە.

کەواتە وەک ئەوەی لە مێژووی ئەدەبی فارسیدا (خواجە عەبدوڵڵای ئەنساری) بە تەواوکەری پەخشانی سەروادار دەناسرێت، ئەوە لە مێژووی ئەدەبی کوردیشدا (چاوەش) بە داهێنەر و بنچینەدار و تازەکار و نوێگەری ئەم جۆرە نامەنووسین و پەخشان نووسینە دەناسرێت، چونکە باو نەبووە پێش سەید نامە و نامەکاری و پەخشان نووسین بەزمانی کوردی بنووسرێ، وەک ئەوەی لەم کتێبەدا خراوەتەڕوو.!

## نامەکانی (چاوەش)

لەم کتێبەی (سەید نەجمەددینی ئەنیسی) سێزدە نامەی (چاوەش) خراونەتە ڕوو، هەڵبەتە ژمارەی نامەکانی زۆر لەو ژمارەیە پترن، بەڵام شوێنیان نادیارە و بەردەست نین. لەنامەی یەکەمی ناو ئەم کتێبەدا وەک دەردەکەوێ بۆ دۆستێکی خۆی نووسیویەتی بەناوی (میرزا عەبدوڵڵا) نامەیەکی دوور و درێژە، بەڵام بۆ خوێنەرانی ئەم باسەمان، تەنیا کاکڵەیەکی ئەدەبی زۆر بەرجەستەم لێی وەرگرت کە تێیدا سەید نووسیویەتی؛

**(من ماچ و مووچەم لەیارم ناوێ،**
**خۆی ناوێژمە سەر هەتا هەڵاوێ،**
**کەسێکم دەوێ پێم ئاشنا بێ،**
**بە لاچۆ نەچێ بە وا بێ وابێ)**

## چاوەش و گاڵتە و گەپ!

(د.عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ) لە کتێبی (ئەدەبی فۆلکلۆری کورد)دا دەڵێت؛ (قسەی خۆش و گاڵتە و گەپ لە جیهانی ئەدەبیاتناسی و فۆلکلۆرناسیدا جێگەیەکی گرنگی هەیە و زۆر لە زانایانی جیهان بە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەیانەوە خەریک بوون)، هەروەها زانای پایەبەرزی کورد مامۆستا (عەلائەددین سەجادی) لە کتێبی (ڕشتەی مرواری) سەبارەت بەقسەی خۆش دەڵێت؛ (ئێمە نەتەوەیەکین هەموو جۆرە ئەدەب و فۆلکلۆرێکمان هەیە، ئەو ئەدەب و فۆلکلۆرەمان ئەگەر خۆشمان بڕۆین، ئەوان دەمێننەوە، کە ئەوان مانەوە، مانەوەی ئەوان مانەوەی خۆمانە، چونکە نەتەوەیەک ئەگەر باوەڕ و زمانەکەی کەوتە سەر کاغەز و کەوتە بەر چاپ، ئەو نەتەوەیە لەناوچوونی نابێت، با بە هەزاران تاوێریش بپڵیشێنرێتەوە، ئەمە ئەدەبە و کەلەپووری ئەدەبی ئێمە نابێ سەریان تێدا بچێ و لە ناوبچن).

لەو چوارچێوەیەدا، سەید (چاوەش) هەندێ جار لەحزووری حەزرەتی شێخی بورهان و کۆڕ و کۆبوونەوەی دۆست و میوان و موریدانی خانەقا، بەزمانی ئەدەب شۆخی و قسەی خۆشی کردووە، نموونەی ئەوجۆرە گاڵتەوگەپانە زۆرن، ئەگەرچی بەداخەوە زۆر کەمیان لێ هەڵگیراوەتەوە، بێگومان ئەمەش کەمتەرخەمییەک بووە لەکاتی خۆیدا کراوە.! خوالێخۆشبوو (سەید نەجمەددینی ئەنیسی) کارێکی باشی کردووە کە توانیویەتی لێرە و لەوێ چەند دانەیەک لە قسەخۆشەکانی (چاوەش) کۆبکاتەوە و لەفەوتان ڕزگارییان بکات و لەم کتێبەیدا دووبارە چاپی کردوون، ئەوانیش دوازدە دانەن، لەیەکێکیاندا هاتووە؛

(جارێکیان شێخ لە ناکاو دەچێت بۆ حوجرە تایبەتەکەی سەید، سەیدیش تازە ئەو دەرفەتەی

نامێنــی ســەماوەرەکەی بکوژێنیتــەوە، بەناچــاری سـەماوەرەکە لـە تاقەیـەک دەشـارێتەوە و پـەردەی بەسـەردا دەکێشـێ، شـێخ کـە دەچێتـە حوجـرە و دادەنیشـێت، دوای ماوەیـەک گوێـی لـە دەنگـی سـەماوەر دەبـێ و بەسـەر سـوورمانەوە لـە سـەید دەپرسـێ و دەڵـێ؛ (چـاوەش) ئـەوە چییـە؟ دەنگی زوڕنـای دێ؟ سـەیدیش دەم و دەسـت لـە وەڵامـدا دەڵــێ؛ ئاخــر قوربان (چــاوەش بــێ زوڕنــا نابــێ) شـێخ بزەیەکـی دێ و هیـچ دەنـگ نـاکا، سـەید نایەڵـێ شـێخ بزانـێ و بـە ئەسـپایی سـەماوەرەکە خامـۆش دەکا و دەیکوژێنێتــەوە).

## (چاوەش) و مەتەڵ

مەتـەڵ لـە ئەدەبـی فۆلکلـۆری گەلانـدا هـەروەک گاڵتـە و گـەپ، هەنـدێ جـار بێ مەبەسـت و بۆ کات بردنـە سـەر و زاخـاوی مێشـک دانەوەیـە، هەنـدێ جاریـش مەبەسـتی تایبەتـی ژیانـی تێـدا بـەدی دەکرێـت، لەنـاو نەتـەوەی کـورد، بەرهەمێکـی زۆری مەتەڵـی فۆلکلۆرمـان هەیـە کـە لەکـۆڕی ئێشـکگرتن و شـەونخوونی و دانیشـتنی گـوێ ئاگردانـی شـەوانی زسـتاندا خراونەتـە ڕیـزی بەشـەکانی تـری ئەدەبـی فۆلکلـۆرەوە. لێـرەدا نموونەیەکـی ئـەم مەتەڵانـە دەخەینـە ڕوو کـە بـۆ (هێلکـە) گوتراوە،دەڵێـت؛

**(سایەقەی ساماڵ، هـەوری فەڕەنگـێ، دوو ئـاو لـە جامـێ، هـەر یـەک لـە ڕەنگـێ).**

(چـاوەش) سـەبارەت بـە مەتـەڵ و هەڵبەسـتی داخراو(موعەممـا) زۆر هۆنـراوەی نووسـیوە و تێیـدا بـاڵا دەسـت بـووە، کـە ئەوانیـش هیچیـان لـە مەتـەڵ و شـیعرە داخراوەکانـی شـاعیرانی بەناوبانگـی کـورد و مەولانـای (جامـی) کەمتـر نیـن. سـەید زۆربـەی ئـەو مەتەڵانـەی دەم و دەسـت و لـە کـۆڕ و کۆبوونەوەکانـدا نووسـیوە، یـان لەسـەرەتای هەنـدێ لەنامەکانیـدا بەنـاوی کەسـێکەوە کـە نامـەی بـۆ نـاردووە نووسـیونی، بۆنموونــە؛

**(عەقرەبی زوڵفت ڕقی هەستا لە سەر مەهتابی ڕووت**
**دڵ خودا گرتی کە هات ڕووی کردە ڕووت لووت و بزووت)**

هەروەها نووسیویەتی؛

**(کوڵمەت بێنە دەسماڵی لێ لادەم**
**بەرهەڵبێنە تا بەرماڵی پێدادەم).**